# بیركردنەوەی ناعەقڵانی لای خوێندكارانی زانكۆی ڕاپەڕین

**پێشەوا بابكر برایم** زانكۆی ڕاپەڕین – كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت – بەشی باخچەی ساوایان
Peshawa.babakr@uor.edu.krd

**سیڤان عمر اسماعیل** زانكۆی ڕاپەڕین – كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت – بەشی باخچەی ساوایان
sivan.omar@uor.edu.krd

## پوختەی توێژینەوەكە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی بیركردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندكارانی زانكۆی ڕاپەڕین، هەروەها زانینی ئاستی بیركردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندكارانی زانكۆ بەپێی گۆڕاوەكانی(ڕەگەز، قۆناغ،كۆلێژ)

توێژەران میتۆدی وەصفی بەكارهێناوە لەتوێژینەوەكەدا ،كۆمەڵگای توێژینەوەكەی پێكهاتوە لە كۆی خوێندكارانی زانكۆی ڕاپەڕین، نموونەی توێژینەوەكە بەشێوەی هەڕەمەكی هەڵبژێردراوە كە لە (200)خوێندكاری كۆلێژی زانست و كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت قۆناغی یەكەم و قۆناغی چوارەم پێكهاتوە، ئەو كەرەستەی كە بەكارهاتوە بریتییە لە پێوەری بیركردنەوەی ناعەقڵانی(خلافی،2016).

گرنگترین ئەو كەرەستە ئامارییانەی بەكارهاتوە پێكهاتوە لە ناوەندە ژمێرەی و هەگبەی ئاماری (spss) ئەلفا كرۆمباخ، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی كە توێژینەوەكە بەدەستی هێناوە بریتییە لە ئەوەی كە بیركردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای نموونەی توێژینەوەكە، بەڵام هیچ جیاوازی نیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و كۆلێژ.

**كلیلە وشەكان**: بیركردنەوە، ناعەقڵانی، بیركردنەوەی ناعەقڵانی.

## بەشی یەکەم/ناساندنی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوەکە:

هەر لەسەرتای درووست بوونی مرۆڤ وجێگیر بوونی لەسەر زەوی بەهۆی حەزی زانینی و گەڕان بەدوای شتە نادیارەکاندا هەوڵدان بۆ شارەزا بوون لێیان تاکو بە نەزانراوی نەمێنێتەوە، بۆ ئەمەش عەقڵی بەکارهێناوە بۆ شارەزابوون و دۆزینەوەی شتە نادیارەکانی چواردەوری و کۆنترۆڵکردنی ئەوشتانەی کە دەوریان داوە.(محمد ابوشعر،2007،ل2)

هەروەها بەکارهێنانی عەقڵی لە چارەسەرکردنی کێشەو ئاریشەکانی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی بۆتەوە، بۆ ئەمەش زۆر شێوازو بیرکردنەوەی بەکارهێناوە، مەرج نیە لە کاتی چارەسەری کێشەکانداو ئەو بڕیارانەی کە داویەتی، بڕیاری عەقڵانی بێت و بیرکردنەوەی عەقڵانی لە پشت بڕیارەکانەوە بێت، هەندێ جار بڕیارەکان و بیرکردنەوەکانی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بوە، بۆچارەسەری کێشەکانی پەناي بردۆتە بەر ڕێگەی نادرووست دوور لە چارەسەری زانستی.

شێوازەکانی بیرکردنەوە بەپێی ئاستی گەشەکردنی مرۆڤ گۆڕاون وبەرەو ئاڵۆزکاری ئاستێکی باڵاتر هەڵکشاون، گرنگی بابەتی بیرکردنەوە لەوەدایە کەزۆر لەسایکۆلۆجستەکان و بەتایبەتیش پێشەنگەکانی قوتابخانەی مەعریفی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کەڕەفتاری تاکەکان ڕووی دەرەوەی بیرکردنەوەیانە یان دەرهاویشەتەو ئەنجامی ئەو پرۆسەیەیە، بیرکردنەوە بەشێوەیەکی نادیار لەدەماغ و سیستەمی مەعریفەدا ڕوودەدات ولەڕێگەی ڕەفتارەوە گوزارشت لەخۆی دەکات، بیرکردنەوە بەهۆی گرنگیەکەیەوە پێگەیەکی گەورەی لەدەرونزانە نوێدا داگیرکردووە، (الريحاني،1986،ل14)

سەرەڕای گرنگی بیرکردنەوە توێژەران بەوپێیەی کە مامۆستاي وانەبێژن لە زانکۆ لە کاتی مامەڵەکردن و وانەوتنەوی لەلای خوێندکاران هەستیان بەوە کردوە کە هەندێک لە خوێندکاران کێشەیان هەیە لە کاتی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکاندا، کە هەموو ئەمانە پەیوەندی بەشێوازی بیرکردنەوەیانەوە هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارانەدا خۆی ببینێتەوە کە ئایا بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ هەیە یان نا؟ یان بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ لە چ ئاستێکدایە؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی بابەتی بیرکردنەوە لەوەدایە کە زۆر لە سایکۆلۆجستەکان وبەتایبەتیش پێشەنگەکانی قوتابخانەی مەعریفی باوەڕیان وایە بیرکردنەوە یان بەگشتی مەعریفە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕەفتاری مرۆڤ، پێگەیەکی گەورەی لەدەرونزانە نوێدا داگیرکردووە وئەو توێژینەوە چڕوپڕانەی کەلەم بوارەدا دەکران بووە هۆی لەدایک بوونی ئاڕاستەیەکی نوێ لەبواری دەرونزانەی کە لە ئێستادا پێی دەوترێت (دەرونزانی مەعریفی) چڕی و زۆری ئەو توێژینەوانە وایکرد کە ئەم چەرخە بەچەرخی گرنگی دان بەدەرونزانی بیرکردنەوە بناسرێ. (ابوحطب وعثمان،19٧٢،ل1).

الريحانی وای دەبینێت یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی پەورەوەدەو فێرکردن چاودێری کردنی تەندرووستی دەروونی ئازادکردنی تاکەکەسە لە دەست بیرکردنەوە خورافی و ناعەقڵانیەکانی، ئامانجێکی تری پەورەدەو فێرکردن دەبێت یارمەتی تاک بدات لە گەشەکردنی سەرجەم لایەنەکانی (عەقڵی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، هەڵچوونی...) بەشێوازێکی ساغ و تەندرووست بۆ پێگەیاندنی هاولاتیەکی چاک خاوەن بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی تەندرووست لە کۆمەڵگادا، هەروەها پێی وایە کە دەمارگیریەکانی تاک لە ئەنجامی هەندێ لە بیرکردنەوەکانەوە بیرو باوەڕەکانییەوەیەتی کە لە بنەڕەتدا ئەو بیرکردنەوە و بیروباوەڕانە ناعەقەڵانین، هەروەها دەڵێت هەندێک لە خەڵکان ئامانجەکانیان ناواقیعن ئەستەمە بتوانرێت پێیان بگات و بیانهێنێتە دی، بەتایبەت ئەو ئامانجانەی کە تاک پێی وایە دەبێت (خۆشەویست بێت و سەرجەم ڕەفتارو بیرورباوەڕەکانی وەرگیراو بێت لەلای خەڵکی).(الريحانی،1986،ل15).

گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لەسەر خوێندکاری زانکۆ ئەنجام دراوە، کە خوێندارانی زانکۆ مامۆستاو سەرکردەی دواڕۆژی کۆمەڵگان، مامۆستایەتیش سەرکردایەتی و پێشەنگی کردن لەهەر بوارێکدا بێت پێویستی بەکۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی کەسەیتی هەیە لەوانە هێزی کەسێتی وتوانای ژیری و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بڕوا بەخۆبوون ودروست کردن و وەرگرتنی بڕیاری سەلامەت لەکاتی خۆیدا کەئەمەش بەبێ کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنە گرانە و دوورکەوتنەوە لە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی دەستەبەر نابن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە.

1. زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ
2. زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، قۆناغ، کۆلێژ)

## سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ساڵی خوێندنی (2018 – 2019)

## پێناسەی چەمکەکان:

## بیرکردنەوە:

- بیرکردنەوە: بیرکردنەوە پرۆسەیەکی عەقڵی هەست پێنەکراوە ئەبستراکت و رووت و گریمانەییە (افتراضی) واتە کەس ناتوانێ لە ڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە درک بەبیرکردنەوە بکات بەڵکو لەڕێگەی شوێنەوارووو کاریگەریەکانیەوە هەست بە بوونی دەکەین. (قەرەچەتانی،2011،ل251)
- زانا(کۆستا)وا پێناسەی دەکات بیرکردنەوە بریتیە لە دەست کاری و تاوتوێکردنی عەقڵیانەی وروژێنەرو شتە هەست پێکراوەکان، بەمەبەستی دروستکردن وپێکهێنانی بیرەکان (الافکار)ودرک پێکردنی شتەکان و بڕیاردان لەسەریان. (قەرەچەتانی،2011،ل251)

## بیرکردنەوەی ناعەقڵانی:

- باترسون1980: پێی وایە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بریتییە لە کۆمەڵێک تێگەشتن و بیرو باوەڕەی هەڵەی ناعەقڵانی لەلای تاک کە بنیات دەنرێت لەسەر ڕووداوە بارودۆخە دەرەکیەکان، کە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ فێربوونی پێش وەختی ناعەقڵانی(مجلی،2011،ل200).
- کۆمەڵێک تێگەیشتن و بیرو باوەڕی هەڵەو ناعەقڵانیە کە هیچ پەیوەندیەکیان بە بابەتەکانەوە نیە زیاتر پشت دەبەستێت بە گشتاندن و پێشبینیە هەڵەکانی خودی تاک، کەوای لێدەکات زیادە ڕەوی دەکات لە گومان و پێشبینیەکانی کە ناگونجێ لەگەڵ توانا عەقڵیەکانی.(عبدالرحمن و عبدالله،1994،ل424)
- پێناسەی کارڕاي(الاجرائي):بریتیە لە ئەو دەرەجەیەی کە نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنێت لە پێوەرەکەدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## بەشی دووەم/ چوارچێوی تیۆری توێژینەوەکە

## چەمکی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی

بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بریتیە لە کۆمەڵێک بیرو باوەڕی ناعەقڵانی کە ناکۆکە لەگەڵ بنەماو یاساو ڕێساکانی عەقڵ و لۆجیک کە لە ناو ئەواندا (زۆرلێکردن ، ئەرک و ڕەها گەرای) بەشێوەیەکی بەرچاو بوونیان هەیە، وە دەبێتە هۆی دەرکەوتن و تێکدانی هەست و ڕەفتارەکان، ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان وە وروژێنەرە دەرەکیەکان درووست دەبێت، کە دەبێتە هۆی ترس ، دڵەڕاوکێ، تورەی هەستکردن بە گوناە، غەم و پەژارە، دوژمنایەتی خەمۆکی، لە بنەڕەتدا ئەوە باوەڕی مرۆفەکانە کە جۆر و بارودۆخ و ئاستی هەست و ڕەفتاری مرۆڤ دیاری دەکات، چونکە ڕەفتارو هەستەکانی مرۆڤ لە باوەڕو بیرکردنەوە ناعەقڵانیەکانی ئەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو باوەڕانە دەبێتە هۆی چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە گەڵ خۆی و ژینگەی دەوروبەری و کەسانی تر دیاری دەکات.(فیاض و کیانی،2009،ل101) بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بەوە جیادەکرێتەوە کە نێگەتیڤ و هەڵەیە و دوور لە عەقڵانیەتە و هیچ پەیوەندیەکیان بە بابەتەکەوە نییە، کاریگەرە بە خودی کەسەکەوە، هەروەها کاریگەرە بە پێشبینیەکان و گشتاندنە هەڵەکانی تاک، ئەمەش کە وا لە تاک دەکات زیادەڕەوی بکات لە گومانەکانی پێشبینیەکانی و زیادەڕەوی بکات بکەوێتە هەڵەوە لە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی بۆ ڕووداوەکان.(غادە عبدوالغفار،٢٠٠٧،ل٤)

## لێکەوتەکانی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی:

لێکەوتەکانی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بەو شێوازانەی لای خوارەوە .

1. لێکەوتەی میزاجی(Les Hummers Symptoms) بەم شێوازانە دەردەکەوێت(غەمباری، دابەزینی ورە، دڵەڕاوکێ، لەدەستدانی خۆشی و شادی و چێژ وەرنەگەرتن لە ژیانی ڕۆژانەی).
2. لێکەوتەی مەعریفی(Les Connaissance Symptoms)بەم شێوازانە دەردەکەوێت(نەبوونی گرنگی، نەمانی ئاگایی، دابەزینی ئاستی پاڵنەرەکان، بیرکردنەوەی خراپ،هەستکردن بە تاوان، بیرکردنەوەی خۆکوژی، لاوازی خود هەڵسەنگاندن، هەستکردن بە بێ هیوایی لە داهاتوو.(علاء حجازي،٢٠١٣،ل 38).
3. لێکەوتەی ڕەفتاری(Les Comportment Symptoms) بەم شێوازانەی دەردەکەوێت (دواکەوتن یان زیادبوونی وەڵامدانەوە، دوورەپەرێزی کۆمەلایەتی، پشت بەستن بە کەسانیترن، خۆکوژی، گریان)
4. لێکەوتەی جەستەیی (Les Physique Symptoms)بەم شێوازانە دردەکەوێت (خەوزڕان، زیادبوون یان کەم بوونی کێش، زیادبوون یان نەمانی ئارەزووی خواردن، هەستکردن بە ئازار لە بەشێکی جەستەدا(خلافي،2016، ل16).

## هۆکارەکانی بیرکردنەوەی ناعەقلانی:

بیرکردنەوەی ناعەقلانی دەگرێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەرەکی و ژینگەیی کە دەوری تاکیان داوە.

1. هۆکاری بۆماوە: بۆماوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر بیرکردنەوەکانمان(دروستبوونی بیرکردنەوەی ناعەقلانی وەکو تووشبوون بە نەخۆشی، ئامادەباشی لە لای تاک بۆ نەخۆشی، کاریگەریان هەیە لەسەر بیرکردنەوەی ناعەقلانی لای تاک). (بغورة نورالدين،٢٠١٤،ل١٠٤)
2. گۆشەگیری کۆمەلایەتی: گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و دووره پەرێزی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە شوێنێکی دیاریکراودا کاریگەری خراپی هەیە لەسەر بیرکردنەوەی ناعەقلانی وەک زیندانیکردن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ یان تووش بوون بە نەخۆشیەکانی پارانویا و پارافونیا و جۆرەکانی سکیزۆفێرنیا.
3. کاریگەری شارستانی: ئەو ژینگە ڕۆشەنبیرو کۆمەڵایەتیە کە دەوری تاکی داوە، هەرچەندە کە جیاوازیش بێ لە نێوان تاکەکاندا بەڵام کاریگەری خۆی هەر هەیە لەسەر تاک، فێربوونی کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵایەتی کردنی تاک و ئاراستە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو خوو و عادەت و بەهاکانیش کاریگەریان هەی لەسەری.
4. تێکەلاوبوونی نێوان بیرکردنەوەکان و هەستەکان و ڕەفتارکان: تاکی ئاسایی بیرکردنەوەکان و هەستەکان وڕەفتارەکانی پەیوەندیان هەیە بە ئاڵوگۆڕکردن و کارلێکردن لە نێوانیاندا، هەستەکان و ڕەفتارەکانەوە دەکەوێتە ژێرکاریگەری بیرکردنەوەکان، هەلچوونەکان و هەستەکان کاریگەرە بە بیرکردنەوەکان و بە ڕەفتارەکانیان، ئەگەر هاتوو گۆڕانکاریەک ڕوو بدا لە هەر یەکێک لە لایەنەکان، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کردن لە لایەنەکانیتر، هۆکارەکانی مەعریفە و هەڵچوونەکان و ڕەفتاریەکان بە کاردەهێنرێن بۆ گۆڕانکاری کردن لە کەسیەتی، هۆکاری مەعریفی یارمەتیدەرە بۆ گۆڕانکاری کردن لە بیرکردنەوەدا، هۆکاری هەڵچوونی یارمەتیدەرە بۆ گۆڕانکاری کردن لە هەستەکان و هەڵچوونەکاندا (الحجري،٢٠13،ل٦8).
5. زانیاری هەڵە: زانیاری هەڵە کاریگەری خراپی هەی لەسەر بیرکردنەوەکان کە وادەکات بە شێوازێکی تەندروست بیر نەکاتەوە
6. چەقبەستووی لە بیرکردنەوەدا وا لە تاک دەکات کە هیچ هەوڵێک نەدات یان نەیهەوێت کە گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەکانیدا بکات، تاک دیلی دەستی بیرکردنەوەکان و داواکاریە چەقبەستوویەکانی کە نایهەوێت هیچ گۆڕانکاریەک بکات لە لایەنەکانی تری بیرکردنەوەدا(نشوةکرم وعمار دردير،2010،ل32)

## تیۆری ئالبیرت ئەلیس:

سەرەتای ڕاڤەکردنی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی دەگەڕێتەوە بۆ ئالبێرت ئەلیس، ئەلیس بەپێی بیروڕای فەیلەسوفەکانی پێش زایین وە هەروەها لە ڕێگەی ئەزموونوو تایبەت مەندی ڕەفتاری نەخۆشەکانی، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هۆکاری دەرکەوتن و سوربوون لەسەر بیرکردنەوە ناعەقڵانی لەلای خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بەردەوام خۆیان ڕادێنن لەسەر ئەوەی کە دەبێت بە یەک شێواز ڕەفتار بکەن، تایبەت مەندی سەرەکی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی ئەوەیە کە پێشبینی وشک و دەمارگیری دەکرێت کە بەوشەکانی (دەبێت ، حەتمەن)دەردەبڕدرێن، ئەلیس پێی وایە کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی،شڵەژانێکە، وە یان ڕەفتارێکە کە دەبێتە هۆی تێکچوونی دەروون ولە ناوچوونی خود، لە ئەنجامی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا دەبێتە هۆی درووست بوونی گرژیو ئاڵۆزی لە ژیان و نەمانی خۆشحاڵی و کامەرانی لەلای تاک.(فياض و كياني،2009،ل104)، ئەلیس باوەڕی وایە کە ناڕەحەتیەکان و دڵەڕاوکێکانی هەرتاکێک لە ئەنجامی بیرکردنەوە ناعەقڵانیەکانی خۆیەتی، هەموو تاکەکان حەزێکی زیاد لە ڕادەیان هەیە بۆ وون بوونی خۆیان، واتە گوێنەدان بە گۆڕینی ڕەفتارەکانی خۆیان، گرنگ نیە بەلایانەوە کە گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانیان بکەن لە باروو دۆخە جیاوازەکاندا، واتە مرۆڤەکان گیرۆدەن بە کۆمەڵێک دەمارگیری خێزانی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لەسەرتای ژیان فێری بوون وە دەی پارێزن، بەگرنگەوە لێی دەڕوانن، ئەلیس بیرکردنەوە ناعەقڵانیەکانی بەم شێوازانە خستۆتە ڕوو:(چاوەڕوانی پشگیرکردنی کەسانی تر، چاوەڕوانی زیاد لە ڕادە لەخۆت، سەرزەنشت کردنی خۆت و کەسانی تر، پێشبینی کارەساتەکان، نابەرپرسیاریەتی، گرنگی دان زیاد لەڕادە بەخۆت، دوورکەوتنەوە لە کێشەکان، پشت بەستن بەکەسانی تر، نائومێدی و گرنگی دان بەشارەزاییەکانی ڕابردوو، گەیشتن بەپلەی تەواوەتی کەسێتی، بێزاری لە کێشەی کەسانی تر) (علاء حجازي،2013،ل49)

## تیۆری مەعریفیەکان:

لە ڕوانگەی تیۆرە مەعریفیەکانەوە، باوەڕیان وایە کە بیرکردنەوە یان بەگشتی مەعریفە ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەیە لە چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕەفتاری مرۆڤ، دەروونزانە مەعریفیەکان گرنگی بە ڕەفتاردەدەن کە وەک سەرەداوێک بۆ هەڵێنجان و لێخوێندنەوەی (استنباط ، استنتاج) پڕۆسە مەعریفیەکان، یان بیرکردنەوەنەوەکان لە ناو هزردا، وە پێیان وایە کە ئەوە واقع و ڕوداوەکان نین کە دەبنە هۆی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و پەرێشانی مرۆڤ، بەڵکو ئەوە تێگەیشتن و بیکردنەوەی خودی کەسەکەیە، لە واقع و ڕووداوەکان، کەدەبێتە هۆی خەمۆکی وپەرێشانی و دڵەڕاوکێ، وەهەروەها دەبێتە هۆی درووست بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە کێشەکان لەژیانی کەسەکەدا. (هيفاء الأشقر، 2004 ، ل69)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## توێژینەوەکانی پێشوو

### 1. توێژینەوەی (خلافي:2016)

ناونیشانی توێژینەوە(بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی ئامادەیی)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی ئامادەی هەروەها زانینی پەیوەندی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و بە دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی ئامادەیی.

میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە، پێوەری بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی (علاء حجازي 2013)بەکارهێناوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە کۆی خوێندکارانی ئامادەی ناوەندی قەزای مشونش ویلایە(بسکرة)کە (503) خوێندکاربوە، نموونەی توێژینەوەکەی (60) خوێندکار بوە، ئەنجامی توێژینەوەکەی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بە شێوەیەکی مام ناوەند هەیە لەلای خوێندکارانی ئامادەیی..

### 2. توێژینەوەی (بغورة نورالدین:2014)

(بیرکردنەوەی ناعەقڵانی پەیوەندی بەبەکارهێنانی گفتوگۆ لە ناو زانکۆ لەلای خوێندکارانی زانکۆ، لە زانکۆی باتنە)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و بەکارهێنانی گفتوگۆ لە ناو زانکۆ لەلای خوێندکارانی زانکۆی باتنە وە زانینی جیاوازی بەپێی هەندێ گۆڕاوی ڕەگەز پسپۆڕی، میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە

نموونەی توێژینەوە کە پێکهاتوە لە (191)خوێندکاری زانکۆ، میتردی وەصفی بەکارهێناوە، ئەو ئامرازانەی بەکاری هێناوە پێوەری بیرکردنەوەی ناعەقڵانی (الرحاني،1971) ئەو ئامرازە ئامارییانەی بەکاری هێناوە (پیرسۆن، اختباریT) ئەنجامی توێژینەوەکە پەیوەندی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لە بەرژەوەندی پسپۆڕیە وێژەییەکان بەلام لە نێوان ڕەگەز هیچ جیاوازیەک نیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

### 3. توێژینەوەی (نصراءالغفاري:2013)

ناونیشانی توێژینەوە(بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و پەیوەند بە ترسی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی کۆلێژی زانست، لە عمان)

ئامانجی توێژینەکە زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و ترسی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی کۆلێژی زانست بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و پسپۆڕی)

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە کۆی خوێندکارانی کۆلێژی زانست کە (4568)خوێندکارە نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(282)خوێندکار،

میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە، پێوەری بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بەکار هێناوە ئامادەکردنی توێژەر، ئەنجامی توێژینەوەکە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای خوێندکاران بەڵام هیچ جیاوازی نیە لەنێوان گۆڕاوەکانی ڕەگەزو پسپۆڕی)لەبیرکردنەوەی ناعەقڵانیدا.

### 4. توێژینەوەی (شایع مجلی:2011)

ناونیشانی توێژینەوە(بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و پەیوەند بە فشاری دەروونی لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەوەردەدە لە زانکۆی عمران)

ئامانجی توێژینەکە زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و فشاری دەروونی لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەوەرەدە بەپێی گۆڕاوەي (ڕەگەز)

نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(300)خوێندکارلەکۆلێژی پەروەردە،

میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە، پێوەری بیرکردنەوەی ناعەقڵانی بەکار هێناوە ئامادەکردنی توێژەر،

ئەنجامی توێژینەوەکە جیاوازی هەیە لە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکاران لە کچان زیاتر.

## بەشی سێیەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە:

مەبەست لە میتۆدی توێژینەوەی زانستی : بریتیەلە بەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگاو شێوازی زانستی بۆ گەیشتن بە ڕاستیە نوێیەکان و سەلماندنیان لە پێناو دەوڵەمەندکردن و گەشەکردنی معریفەی مرۆڤایەتی (بۆکانی،٢٠١٦،ل٣٥)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەم توێژینەوەیە توێژەران میتۆدی (وەصفی)یان بەکارهێناوە کە دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانە بەتایبەت لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا بەرفراوانترین میتۆدە تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە واتە هەردیاردەیەک کە ئێستای ژیان و تاک گرووپی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە بە ئامانجی ئەوەی هۆکارەکان دیاری بکات و لایەنەکانی بۆ دۆزێتەوە پەیوەندی ڕەگەزەکان دەربخات یان پەیوەندی دیاردەیەک بە دیاردەیەکی تر دەربخات سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنها لەوەسف کردندا ڕانەوستێت بەڵکو شیکارو لێکۆڵینەوە بەراورد و هەڵسەنگاندنیان بۆدەکات. (بۆکانی،٢٠١٦،ل٨٢)

## کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی توێژینەوەکە پێک دێت لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین/ لەخوێندنی(بەیانیان)کە پێکهاتوە لە (4460) خوێندکار (1558) ڕەگەزي نێر(2848) ڕەگەزی مێ هەروەک لە خشتەی ژمارە(1)دا هاتوە.

خشتەی ژمارە(1)

پیشاندانی کۆمەڵی توێژینەوەکە

| کۆلێژ | قۆناغی 1 | نێر | مێ | قۆناغی 2 | نێر | مێ | قۆناغی 3 | نێر | مێ | قۆناغی 4 | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەرستاری | 60 | 20 | 40 | 31 | 11 | 21 | 79 | 42 | 37 | 86 | 27 | 59 | 257 |
| ئەندازیاری شارستانی | 22 | 10 | 12 | 22 | 20 | 2 | 33 | 24 | 9 | 0 | 0 | 0 | 77 |
| پەروەردەی بنەڕەت | 316 | 93 | 223 | 397 | 117 | 280 | 387 | 115 | 272 | 436 | 153 | 283 | 1536 |
| زانست | 103 | 34 | 69 | 125 | 42 | 83 | 168 | 50 | 118 | 156 | 58 | 98 | 552 |
| پەوەردەی قەڵادزێ | 279 | 66 | 213 | 185 | 58 | 127 | 253 | 78 | 175 | 222 | 92 | 130 | 939 |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | 221 | 108 | 113 | 162 | 66 | 96 | 237 | 90 | 147 | 247 | 135 | 107 | 862 |
| سامانی ئاژەڵ باخداری | 39 | 16 | 23 | 42 | 17 | 25 | 68 | 20 | 48 | 34 | 14 | 20 | 183 |

## نموونەی توێژینەوەکە:

بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە کە توێژەران بەشێوازێکی هەڕەمەکی نموونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد کە پێکهات بوولە (200)خوێندکارلە هەردووکۆلێژی زانست (100) خوێندکار و کۆلێژی پەورەردەی بنەڕەت (100)خوێندکار وەک لە خشتەی ژمارە (2)دا هاتوە.

خشتەی ژمارە(2)

پیشاندانی نموونەی توێژینەوە

| کۆلێژ | قۆناغی 1 | قۆناغی4 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| کۆلێژی زانست | 53 | 47 | 100 |
| کۆلێژی پەوەردەی بنەڕەت | 46 | 54 | 100 |
| | | کۆی گشتی | ٢٠٠ |

**کەرەستەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەران بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، هەستان بەوەرگرتنی پێوەری بیرکردنەوەی ناعەقڵانی (خلافی2016)کە لە (44)برگە پێک هاتوە، دوای ئەوەی ڕاستگۆی ڕواڵەتی و جێگری بۆ دەرکرا، بژاردەی پێوەرەکە بریتین لە (تەواو لەگەڵی نیم، تاڕادەیەک لەگەڵی نیم، نەلەگەڵی دام نەلەگەڵی دانیم، تاڕادەیەک لە گەڵیدام، بەتەواوی لەگەڵیدام).

## 1.ڕاستگۆیی پێوەری توێژینەوەکە :

توێژەران بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی پشتیان بەست بەڕێگای ڕاستگۆیی ڕواڵەت کە بریتییە لەتوانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات (بۆکانی ,2016,ل١٧٤) بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەستان بەدابەش کردنی پێوەرەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی خستیانە بەردەم (5) لە شارەزایانی دەروونزانی لە بەشی باخچەی ساوایان، وەک لە پاشکۆی ژمارە (2)دا، دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان پێوەرەکە گۆڕانکاری بەسەر هات برگەکانی (10،15،26،29)لادران، هەموو برگەکان بەرێژەی لە(90) بەرەوسەر ڕازیبوون، واتە ناوەندە ژمێرەی پێوەرکە یەکسان بووبە(92) کەئەمەش ڕێژەیەکی باشە بۆڕاستگۆیی.

## 2.جێگیری پێوەری توێژینەوەکە :

جێگیری, یەکێکە لە خەسڵەت بنەڕەتییەکانی ئامرازەکانی توێژینەوە کە پێویستە بەر لەوەی ئامرازەکە پراکتیزەو جێبەجێ بکرێت دڵنیابین لەبوونی خەسڵەتی جێگیریەکەی، بایەخی پێوانەکردنی نمرەی جێگیری ئامرازی توێژینەوە لەوەدایە کە هەر کاتێک بەکارمان هێنا هەمان ئەنجامان پێبداتەوە, ئەو ئامرازەی کە ناجێگیرە و هەر جارەو ئەنجامێکمان بە دەستەوە دەدات ,ناکری پشتی پێ ببەستین وبڕوا بە ئەنجامەکانی بکەین وتوێژینەوەکەش جێگای گومانەو تەنها بەفیڕۆدانی کات وتێچوون وماندوو بون وهیچی تر، بۆیە جێگیری پێوەر بەومانایە دێت کە یان ئامرازەکە (چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی، پێوەرو تێبینی، تێکستەکان ) چەند جار لەگەڵ هەمان گرووپ وسامپڵ و لە هەمان هەل ومەرجدا جێبەجێ بکرێت، دەبێت هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات، چەمکی جێگیری بەو واتایە دێت کە ئامرازێکە کە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدی بێهنێت ئەگەر دووجار بەسەرهەمان گروپدا جێبەجێ بکرێتەوە (بۆکانی, 2016, ل١٧٧ ).

بۆ بەدەست هێنانی جێگری پێوەرەکە توێژەران هەستان بە بەکارهێنانی ئەلفای کرۆمباخ کە جێگیری پێوەرەکە بریتیە لە ٠,٧٩ ئەمەش ڕێژەیەکی باشە بۆ جێگیری.

## کەرەستە ئاماریەکان"

1. (SPSS)بۆ دەرکردنی ئەنجامەکان
2. ناوەندە ژمێرەی بۆ دەرکردنی ڕاستگۆیی
3. ئەلفاکرۆمباخ بۆ دەرهێنانی جێگیری
4. (T-test)بۆدووگرووپی سەربەخۆ بۆ یەک گرووپی سەربەخۆ

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

دوای کۆکردنەوەی ئەنجامەکان و داخڵکردنیان بەهەگبە ئاماری(spss) بە بەکارهێنانی (T.test) ئەنجامەکان بەم شێوازەی خوارەوە دەرچووبۆ بۆ هەریەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### 1. زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دوای وەرگرتنی داتاو کۆکردنەوەی بەکارهێنانی هەگبە ئاماری (spss)سەبارەت بە ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، کە ناوەندی ژمێرەی( ٨٥,٨١) بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی(80) بەلادانی پێوەری (٩,٢٢) دەرکەوت کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای نموونەی توێژینەوەکە، بەبەکارهێنانی (T.test) (٨٩,٠٧) بەرزترە لە (T)خشتەیی (١,٩٦٠) بەئاستی (٠,٠٥)ئاستی بەڵگەداری ئاماری هەیە، وەک لە خشتەی ژمارە(1)دا دیارە، ئەمەش ئەوە پیشان کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە (1)

لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیي نموونەی توێژینەوەکە بۆپێوەری بیرکردنەوەی ناعەقڵانی

| ن | ناوەندە ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیي | لادانی پێوەری | T.test | T خشتەي | ئاستی بەڵگەداری ئامار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 200 | ٨٥,٨١ | 80 | ٩,٢٢ | ٨٩,٠٧ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |

دوای دەرخستنی ئەنجامەکان دەرکەوت کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای خوێندکاران، ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوە (خلافی:2016)و توێژینەوەی (نصرالغفاري:2013). ئەمەش ئەوە پیشان دەدات و پێمان دەڵێت کە ناوەندەکانی خوێندن پەروەردە زانکۆکان نەیان توانیوە خوێندکارێکی خاوەن بیرکردنەوەی عەقڵانی و ڕەخنەگر بەرهەم بهێنن، خوێندکاران بۆ چارەسەرکردن و ڕاڤەکردنی کێشەکان پەنا بۆ بیرکردنەوە و ڕێگای ناعەقڵانی دەبەن، کە هەتا ئێستاش شێوازی پەروەردەی ئێمە لەسەر تەڵقیندانی خوێندکار وەستاوە لەلایەن مامۆستاوە، کە ئەمەش ناتوانێ خوێندکارێکی خاوەن بیرکردنەوەی سەربەخۆ و عەقڵانی بەرهەم بهێنێ، یەکێکی تر لە هۆکارەکان کە کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەی تاک گوتاری ئاین و سیاسی و ڕاگەیاندنە، بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاڕادەیەکی زۆر شێوازی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەم سێ گوتارەدا بوونی هەیە، ڕۆژانە لە مزگەوتەکانەوە هەندێ لە پیاوانی ئاینی چیرۆکی خورافی لەجێگەی بیرکرنەوەی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاڤەکردنیان، بە گوێ تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە دادەدەن، هەروەها ناکۆکیە سیاسییەکان و ململانێکان کاریگەری خۆیی هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەمان، لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەدرێژای مێژوو ناکۆکییەکان و ململانێ سیاسییەکان لەسەر پەسەند نەکردنی جیاوازییەکانی یەکتر قوڵ بۆتەوە، ئەمە سەرڕای ئەوەی بەکارنەهێنانی بیرکردنەوەی عەقڵانی و لە جێگای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەوە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لە چارەسەرکردن و ڕاڤەکردنی کێشەکاندا وەک شکاندنی یەکتری شەڕو ئاژاوە کوشتن و لە ناوبردنی یەکتری وەک ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

## 2. زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆبەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

سەبارەت بەئامانجی دووەمی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ناوەندەی ژمێرەی خوێندکارانی نێر(٨٥,٣٤)بەلادانی پێوەری (٩,١٧)نزمترە لە ناونەندە ژمێرەی خوێندکارانی مێ کە(٨٥,٧٠) بەلادانی پێوەری (٩,٦٠)ئەمەش ئەوەدەردەخات کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی زیاترە لەلای خوێندکارانی مێ ، پاشان توێژەران هەستان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوە (T.test)بۆ دوونموونەی سەربەخۆ بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاستی ئاماری، دەرکەوت (T.test) (٠,٩٨٧)، نزمترە لە T خشتەی (١,٩٦٠)ە بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥).ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی نیە لە نێوان نێر و مێ بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی وەک لە خشتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (2)

**ناوەندە ژمێرەی و بەهای تائی و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ن | ناوەندە ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیي | لادانی پێوەری | t-test | T خشتەي | ئاستی بەڵگەداری ئامار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 75 | 85.34 | 80 | ٩,١٧ | ٠,٩٨٧ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| مێ | 125 | ٨٥,٧٠ | 80 | ٩,٦٠ | | | |

دوای دەرخستنی ئەنجامەکان بۆمان دەرکەوتن کەبیرکردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای خوێندکاران بەڵام لە نێوان ڕەگەز هیچ جیاوازیەکیان نیە واتە خوێندکاری نێر و مێ وەک یەک بیرکردنەوەی ناعەقڵانیان لەلا هەیە، ئەم ئەنجامەش یەک دەگرێتەوە لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (بغورة نورالدين:2014)و (نصرالغفاري:2013) بەڵام لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی(شايع مجلي:2011) جیاوازە.

## 3. زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆبەپێی گۆڕاوی کۆلێژ.

سەبارەت بەئامانجی زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی کۆلێژ، ناوەندەی ژمێرەی پەروەردەی بنەڕەت(٨٦,١٥)بەلادانی پێوەری (٨,٣٧)بەرزترە  لە ناوەنندە ژمێرەی کۆلێژی زانست کە(٨٥,٤٧) بەلادانی پێوەری (١٠,٠٣) ئەمەش ئەوەدەردەخات کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی زیاترە لەلای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، پاشان توێژەران هەستان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوە (T.test)بۆ دوونموونەی سەربەخۆ بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاستی ئاماری، دەرکەوت  (T.test) (٥٢٠,٠)، نزمترە لە (T) خشتەی (١,٩٦٠)ە بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥).ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان کۆلێژی زاست و پەروەردەی بنەڕەت بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی وەک لە خشتەی ژمارە (3)  ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (3)

ناوەندە ژمێرەی و بەهای تائی و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی کۆلێژ

| کۆلێژ | ن | ناوەندە ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیي | لادانی پێوەری | بەهای تائی | T خشتەي | ئاستی بەڵگەداری ئامار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ/بنەڕەت | 100 | 86.15 | 80 | ٨,٣٧ | ٠,٥٢٠ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| زانست | 100 | ٨٥,٤٧ | 80 | ١٠,٠٣ | | | |

دوای دەرخستنی ئەنجامەکان بۆمان دەرکەوتن کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای خوێندکاران جیاوازی هەیە لەنێوان کۆلێژەکاندا لەلای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زیاترە، ئەم ئەنجامەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (نصرالغفاري:2013)بەڵام لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (بغورة نورالدين:2014)جیاوازە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندکارانی کۆلێژی زانست لە لێکدانەوە ڕاڤەکردنی دیاردەو ڕووداوەکان کەمتر پشت بە ڕێگای ناعەقڵانی و نازانستی دەبەستن بەهۆی خسڵەت و سروشتی پسپۆڕی و کۆلێژەکەیانەوە، بەڵام دوای بەکارهێنانی(بەهای تائی,T.test)ئەم جیاوازیە بەڵگەدری ئاماری نیە، واتە خوێندکاری هەردوو کۆلێژ وەک یەک بیرکردنەوەی ناعەقڵانیان لەلا هەیە تاڕادەیەک کەمتر لەلای خوێندکارانی کۆلێژی زانست.

## 4. زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25  http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

سەبارەت بەئامانجی زانینی ئاستی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی لەلای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی قۆناغ، ناوەندەی ژمێرەی قۆناغی یەکەم(٨٧,٠٣)بەلادانی پێوەری (٨,٤٦)بەرزترە لە ناوەندە ژمێرەی قۆناغی چوارەم (٨٤,٦١) بەلادانی پێوەری (٩,٨٠) ئەمەش ئەوەدەردەخات کە بیرکردنەوەی ناعەقڵانی زیاترە لەلای خوێندکارانی قۆناغی یەکەم، پاشان توێژەران هەستان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test)بۆ دوونموونەی سەربەخۆ بەمەبەستی دەرخستنی بەڵگەداری ئاستی ئاماری، دەرکەوت بەهای تائیی (T.test) (٠,٢١٥)، نزمترە لە (T) خشتەی (١,٩٦٠)ە بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی یەک و چوار بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی وەک لە خشتەی ژمارە (4) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (4)

ناوەندە ژمێرەی و بەهای تائی و لادانی پێوەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی قۆناغ

| قۆناغ | ن | ناوەندە ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیي | لادانی پێوەری | t-test | T خشتەي | ئاستی بەڵگەداری ئامار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغ 1 | 99 | ٨٧,٠٣ | 80 | ٨,٤٦ | ٠,٢١٥ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| قۆناغی4 | 101 | ٨٤,٦١ | 80 | ٩,٨٠ | | | |

دوای دەرخستنی ئەنجامەکان بۆمان دەرکەوتن کەبیرکردنەوەی ناعەقڵانی هەیە لەلای خوێندکاران، بەڵام دوای بەکارهێنانی(T.test)ئەم جیاوازیە بەڵگەدری ئاماری نیە، واتە خوێندکاری قۆناغی یەکەم قۆناغی چوارەم بیرکردنەوەی ناعەقڵانیان لەلاهەیە.

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان

### پێشنیارەکان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و پابەند بوونی ئاینی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

2. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بیرکردنەوەی عەقڵانی و ناعەقڵانی ودڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بیرکردنەوەی عەقڵانی و ناعەقڵانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بەرنامەی عەقڵانی لەچارەسەرکردنی گرفتە هەڵچوونیەکاندا.
5. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بەرنامەی عەقڵانی لەچارەسەرکردنی گرفتە ڕەفتاریەکاندا.
6. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بیرکردنەوەی عەقڵانی و سیمای کەسێتی.

## ڕاسپاردەکان:

1. پێویستە خوێندکار زیاتر هان بدرێت بۆ خوێندنەوەی بابەتی زانستی دووركەوێتەوە لە ئەزبەرکردنی مامۆستا بەتەواوی.
2. بەکارهێنانی بیرکردنەوەی عەقڵانی لە چارەسەری کێشەکاندا لە ناو ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەی بەرچاو لەلای خوێندکاران.
3. بەکارهێنانی ڕێگەو بیرکردنەوەی عەقڵانی لە ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی ڕووداوە سیاسی یەکان کە کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەی خوێندکاران.
4. بەکارهێنانی ریگەو تێگەیشتنی جیاواز و زانستی لە وتاری ئایندا، کە کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەمان.
5. گرنگی دانی زیاتر بە کردنەوەی خول و وۆرک شۆپی زیاتر برەودان بەبیرکردنەوەی ڕەخنەی و عەقڵانی لەلای تاک.

## سەرچاوەکان:


1. بۆکانی،سابیر بکر. (٢٠١٦)، میتودی توژینەوەی زانستی، جابی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی
2. قەرەچەتانی، کەریم شریف.(2011) سایکۆلۆژیایی گشتی ، چاپی سێیەم، سلیمانی، چاپخانەی دیلان
3. الريحاني،سليمان. : (1987) الأفكار اللاعقلانية عند الأردنيين والأمريكيين دراسة غير ثقافية لنظرية أليس في العلاج العقلي العاطفي " مجلة دراسات ، المجلد14 ، العدد 25- 13(5).
4. ابوحطب، فؤاد عبدالطيف، عثمان، سيد احمد.(1993):التفكير دراسات نفسية، قاهيرة مكتبة أنجلومصرية.
5. احمد، مظفرجواد .(1993) بناء مقياس تقويم اداء درس معاهد اعداد المعليمين في العراق،)رسالة ماجستير غير منشورة )، كلية التربية، ابن رش، جامعة بغداد.

6. الحجري ،محمد ابن الرشد بن سعيد. (2013) ، الذكاء الانفعالي وعلاقته و بالأفكار اللاعقلانية لدى العامليف في الوظائف الدينية بسلطنة عمان في ضوء بعض المتغيرات، رسالة ماجستير، كلية العلوم والآداب، جامعة نزوى.

7. بغورة نور الدين. (2014)، الأفكار اللاعقلانية وعلاقتها باستخدام الحوار في الوسط الجامعي لدى الطلبة والفروق تبعا لبعض المتغيرات ، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية،جامعة الحاج لخضر. باتنة.

8. عبد الرحمن ، محمود السيد ، عبد الله معتز سيد. (1994) الأفكار اللاعقلانية لدى الأطفال والمراهقين وعلاقتها بكل من حالة وسمة القلق ومركز التحكم ، مجلة دراسات نفسية ، المجلد 4 ، العدد (3)420-435.

9. علاء عمي حجازي(2013).، القمع الاجتماعي وعلاقه و بالأفكار اللاعقلانية لدى طلبة مرحلة الاعدادية بالمدارس الحكومية في محافظة غزة، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعةغزة.

10. عبد الفتاح عبد القادر محمد أبو شعر. (2007) الأفكار اللاعقلانية لدى طلبة الجامعات الفلسطينية وعلاقتهو ببعض المتغيرات ، رسالة ماجستير، كلية التربية، الجامعة الاسلبمية.

11. غادة محمد عبد الغفار. (2007)، الأفكار اللاعقلانية المنبئة باضطراب الاكتئاب لدى عينة طلبه الجامعة، مجلة د ا رسات نفسية، مجلة كلية التربية17 ، العدد(3)،20-3 ، جامعة بني سويف.

12. محمد ابوشعر،عبدالفتاح عبدالقادر.(2007): الأفكار اللاعقلانية لدى طلبة الجامعات الفلسطينية وعلاقتها ببعض المتغيرات ، ( رسالة ماجستير غير منشورة )، قسم علم النفس،كلية التربية، الجامعة الإسلامية،الفلسطين.

13. مجلي ،شايع عبد الله. (2011): الأفكار اللاعقلانية وعلاقتها بالضغوط النفسية لدى طلبة كلية التربية بصعده – جامعة عمران، مجلة جامعة دمشق –المجلد (27) –197- 210

14. نشوة كرم وعمار أبو بكر دردير.(1431)، فاعلية برنامج ارشادي عقلاني انفعالي في تنمية أساليب المواجهة، الضغوط الناتجة عن الأحداث الحياتية لدى طلبة الجامعة، رسالة دكتورا ، معهد الدراسات التربوية، جامعة القاىرة.

15. هيفاء بنت عبد المحسن الأشقر. (2014) ، أثر برنامج علاجي عقلاني انفعالي سلوكي جمعي في خفض قلق التحدث أمام الأخريات )لدى عينة من طالبات الاقامة الداخلية بجامعة الملك سعود(، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الملكى سعود.

16. نصراءالغافري، مسلم حمد(2013 ).الأفكار اللاعقلانية وعلاقتها بالخوف الاجتماعي لدى طلبة كلية العلوم التطبيقية بسمطنة عمان، رسالة ماجستير، كلية العلوم والآداب، جامعة نزوى.

17. فياض،ايراندخت،كناني،ژاله.(2009)، بررسى اسيب شناسانه باورهاى غير منطقى دانشجويان، مجله راهبرد فرهنگ،شماره(4)

**ملخص**

**هدف الدراسة**

1. لمعريفة مستوى الأفكار اللاعقلانية لدى طلبة الجامعة رابةرين.
2. لمعريفة مستوى الأفكار اللاعقلانى لطلبة الجامعةرابةرين حسب متغيرات (جنس، مرحلة، كلية)

استخدام الباحث المنهج الوصفي، المقارن مجتمع الدراسة كل جمع طلبات جامعة رابةرين، عينة الدراسة تكوين(200)طلبة من كلية التربية اساسية و كلية العلوم، مرحلة الأول مرحلةالرابعة، استخدام الباحث ادوات الدراسة اختبار الأفكار اللاعقلانى من إعداد (خلافى،2016)، وبعد إجراء المعالجات الإحصائية تم التوصل إلى النتائج الآتية:

انتشار الأفكار اللاعقلانية بين طلبة الجامعة.

وفي ضوء النتائج المتحققة ، اوصت الباحثة بجملة من التوصيات هي :-

توعية طلاب فيما يتعلق بمستقبلهم من خلال التعرف على امكاناتهم الحقيقية وتعليمهم مهارات التخطيط ، واقترحت الباحثة ، اجراء بحوث اخرى تتناول متغير البحث مع متغيرات نفسية اخرى مثل (الضغوط النفسية ، الافكار اللاعقلانية ، الصحة النفسية) .


Abstract

A brief About the Research The importance of thinking is related to the most of Psychologists especially the professional ones from the School of knowledge they believe that thinking or knowledge generally has the main importance from the humans behaviors. A type of thinking is Wrong thinking (Foolishness Thinking) some beliefs from them relating to obligations in doing their actions. There have many of them. It damages their feelings, Hopes, and their behaviors. This research is an attempt to know the Level of Wrong thinking (foolishness thinking) from students at university Of Raparin Generally. And in another hand it is to Get The way of their Wrong thinking according to different Gender(Gender, Stage, College). This research includes four parts. The first part special to Describe the Items of the Research. The second part is about the theory of the research, the third part For the core of the research. The fourth and the last part is about

explaining of the results and show the solution and suggestions. Also the researchers are used the Theory of describing. The society of the research is include the most students of University of Raparin. It includes about (200) students of Science part and college of Primary Education from First stage and Fourth stage. The Items and sources that used are knowing the Level of Wrong thinking. 2016(Xlafi) The main Sources that are used include The Middle Counting and Theory of the Alpha Crombax. The most important results of the research that have gotten shown that Wrong thinking (Foolishness Thinking) can be noticed from the example of the researcher. But there is none difference between the Gender, Stage and colleges, also in the end The solution, suggestions are Explained and showed